خوێندنەوەیەکی تر


ڕێبین هەردی دەینووسێت

# کێشەی کەرکوک بە عەقڵیەتی حەفتاکان چارەسەرناکرێت

"دینامیکیەتی کولتوور لەوەدا نییە خۆی بپارێزێت، بەڵکو لەوەدایە ڕێگابدات کولتوورەکانی دی کاری لەسەر بکەن"
فۆربۆنت ژیل

● ناسیۆنالیزمی پەڕگیر لە بەشێکیدا، هەمیشە بە ئەفسانەی کولتووری نەگۆڕ دەستپێدەکات. کولتوورێك کە "ئێمە"، "لەوان" جیادەکاتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە، دواجار دەشێت بگاتە دابەشکردنێکی ئەخلاقی بەسەر باشەو خراپەدا. هەموو ئەوانەی سەر بە ئێمەن، باشن‌و هەموو ئەوانەی سەر بە ئەوانیشن خراپ. ناسیۆنالیزمی کولتووری، باس لـــە ئەفسانەی کۆمەڵێك بەهای سایکۆلۆژی‌و سۆسیۆلۆجی نەگۆڕ دەکات کە گرووپێکی ئەتنی بەیەکەوە گرێدەدات. کارکردن‌و پاراستنی ئەم بەهاو خەسڵەتانە، دەبێت بە ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە ناسیۆنالزمە. لێرەوە هەمیشە دژی هەموو ئەو گۆڕان‌و پێشهاتانە هەڵوێست وەردەگرێت کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت گۆڕانێك بەسەر ئەم بەهاو خەسڵەتانەدا بهێنێت. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە کە بە بیانووی پارێزگاریی نەتەوەو ئەو گروپە ئەتنییە کاردەکات کە گوایە لەپێناویدا دروستبووە، دواجار بە دۆخێك دەگات، خودی نەتەوە وێراندەکات‌و تووشی چەندان شەڕی ناوخۆو وێرانکردنی دەکاتەوە.

ئەمە ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمەیە، کە لە ڕێگایەوە بزووتنەوەی کوردیی تەماشای شاری کەرکوکی پێدەکات. وەك شارێکی کوردیی کە خاوەن کۆمەڵێك خەسڵەت‌و شوناسی دیاریکراوە کە دەبێت بپارێزرێت. دەستکەوتی گەورەی ئەم ناسیۆنالیزمەش کە شانازی پێوەدکات، ماددەی 140ی دەستووری عێراقە کە بۆ کێشەی کەرکوك تەرخانکراوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تا تەماشاکردنی ئێمە بۆ کەرکوك لە دیدی ناسیۆنالیزمی کولتوورییەوە بێت، پتر ئەگەری دۆڕاندنی ئەم شارە وەك شارێکی کوردستانی لەگۆڕێیە. کەرکوك پێوستی بە دیدێك هەیە خۆی لەو گرێ‌و کێشانە رزگارکردبێت کە گرێ‌و کێشەی ناسیۆنالیزمی کولتوورییە.

خەیاڵی سیاسیی کورد کە لە بوونی موئامەرەیەکی ژێرەکی لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە ترساوە، چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوك بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم موئامەرەیە. لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە دواکەوتنی چارەسەری کێشەی کەرکوك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدە ناسیۆنالیزمە کولتوورییەی کورد لە ڕێگایەوە تەماشای کەرکوکی پێدەکات. کورد تا هەنووکەش سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە کاتی خۆیداو بەردەوام سەرکردەکانی هەڕەشەی جۆراوجۆر لە ئەگەری دواخستنی دەکەن. سەرۆکی هەرێم کە ماوەیەکە بەردەوام لێدوانی بەرزەفڕو گەورە، بە چەپ‌و ڕاستدا بڵاودەکاتەوە، دەڵێت کەرکوك خەتی سورەو ئاژاوەی گەورە لە عێراقدا ئەوکات دەستپێدەکات، کە ئەم مەسەلەیە دوابخرێت (ئیدی هەر خوداو بەرزانی دەزانن، ئەو ئاژاوەیە چییە). سەرۆك کۆماری عێراقیش بەر لەوەی سەفەرەکەی بۆ کۆبوونەوەی وڵاتە عەرەبییەکان دەستپێبکات، ڕایگەیاند" بە هیچ شێوەیەك پاشەکشێ لە جێبەجێکردنی بڕگەکە نییەو ڕەدی هەموو دواخستنێك دەکاتەوە (ئیدی هەر خوداو تاڵەبانی دەزانن، ئەگەر دواخرا، چی؟). ڕۆشنبیرانێکیش سوورن لەسەر ئەوەی بە هەر شێوەیەك بووە کەرکوك وەربگیرێتەوە. با کەمێك لەسەر وشەی وەرگرتنەوە بوەستین، چونکە ئەم وشەیە ناوەڕۆکی سەیرکردنی بزووتنەوەی کوردی بۆ کەرکوك دەستنیشاندەکات.

وەرگرتنەوە بریتییە لە بەدەستهێنانەوەی شتێك کە موڵکی خۆت بووەو بە شێوەیەك لە شێوەکان لەدەستتداوە. ئەمانەتێك لای دۆستێك بەجێدەهێڵێن‌و وەریدەگرینەوە، شتێکمان لێ زەوتدەکرێت‌و دواتر بە هەر شێوەیەك بووە، وەریدەگرینەوە. کۆی سەیرکردنی ئێمە بۆ کەرکوك لەم چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، شار شتێکی ماددی نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی زیندووەو لەگەڵ ڕۆژو ساڵەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت. کەرکوك، هەنوکە کەرکوکی حەفتاکان نییەو گۆڕانی وای بەسەردا هاتووە کە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت. کێشەی کەرکوك بە عەقڵیەتی حەفتاکان چارەسەرناکرێت، بەڵکو بە عەقڵیەتێك دەکرێت، کوڕی ئەم سەردەمە بێت‌و لەگەڵ گۆڕانەکانیدا توانای گۆڕانی خۆی هەبێت.

لە حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە تا هەنووکە، سێ دەیە تێدەپەڕێت. سێ دەیە کە پڕە لە گۆڕانکاریی ئێجگار خێراو گەورەو سەرسوڕهێنەر. سێ دەیە کە بەخێرایەکی لەناکاو، کۆی ژیانی مەعنەویی‌و ماددیی‌و فەزای کۆمەڵایەتیمان بە شێوەیەك گۆڕاوە کە هیچی لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو ناچێت. ئەم سەردەمە، سەردەمی کرانەوەی کولتوورو کرانەوەی دەرگاکانی هەمەڕەنگییە لەسەر کولتوورە ناوچەییەکان. سەردەمێك کە هەندێك ناوی سەردەمی جیهانگیریی‌و هەندێکیش ناوی سەردەمی پۆستمۆدێرنەی لێدەنێن. سەردەمی جیهانگیریی، وەك یەکێك لە بیریارەکانی وەسفیدەکات "سەردەمی پاشەکشێی ناچاریی جوگرافییەکانە، لەبەردەم ناچارییە کولتووریی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا". سەردەمێك کە جیاکردنەوە جوگرافییەکان پاشەکشێدەکەن لەبەردەم تێکەڵاوبوونە کولتوورییەکاندا. لیوتار جارێك گوتبووی هەنوکە خواردنی کۆکا کۆلا یان بەکارهێنانی عەتری فەرەنسی، پێویستی بە ئینتیمای کولتووریی نییە، بەڵکو تەنها پێویستی بەوەیە، پارەت پێبێت. لە دۆخێکی وادا، کاریگەرییەکان بۆ سەر کولتووره ناوچەییەکان، بە جۆرێك زیاددەکات کە ئەو یەکپارچە خەیاڵییە تێکدەشکێنێت کە ناسیۆنالیزمی کولتووریی پێویستی پێیەتی.

لە جیهانێکی وادا، ئەو ناسیۆنالیزمانەی ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم هەمەڕەنگی‌و فرەییەدا بگونجێنن، لە دۆڕانی بەردەوام‌و پاشەکشێی بەردەوامدا دەبن. گەر کورد کەرکوکی دەوێت، دەبێت گۆڕان بەسەر کۆی تێگەیشتنیدا بۆ وڵات‌و نەتەوە بێت‌و تەبایی جۆرێك لە تێگەیشتن بێت کە قبوڵی فرەیی کولتوور دەکات. یەکێك لەگرنگترین ئەم گۆڕانەش، بوونی عەقڵێکی دیموکرات‌و کراوەیە لەگەڵ کۆی پێکهاتەکانی ناو کەرکوکدا. کەرکوك بە بڕیاری 140و هاوشێوەکانی وەرناگیرێتەوە، بەڵکو بە بردنەوەی عەقڵ‌و سۆزی پێکهاتە جیاوازەکانی ناویەوە دەبرێتەوە. ئەوەی دۆخی کەرکوکی ئاڵۆزکردووە، دۆڕانی بەردەوامی لایەنگری پێکهاتەکانی تری ناو کەرکوکە، کە ئەمەش دواجار بەرهەمی ئەو دیدە ناسیۆنالیزمە کولتوورییەیە کە هێزە کوردییەکان خاوەنین.